# ئەوەی بجەنگێت بۆ ئەوەی وشەی خوای گەورە بەرز بێت، ئەمە لە پێناو خوای گەورەیە

لە ئەبی موساوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە پیاوێک کە بۆ ئازایەتی شەڕ دەکات، یان بۆ دەمارگیری یان بۆ ڕیا بازی شەڕ دەکات، ئایا کام لەمانە لە پێناو خوای گەورەیە؟ ئەویش فەرمووی: «ئەوەی بجەنگێت بۆ ئەوەی وشەی خوای گەورە بەرز بێت، ئەمە لە پێناو خوای گەورەیە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە جیاوازی مەبەستی جەنگاوەران لەکاتی جەنگ کردندا؛ هەیە دەجەنگێت بۆ ئەوەی بووترێت ئازایە وهەیە لە پێناو دەمارگیری دەجەنگێت وهەیە دەجەنگێت بۆ ئەوەی شوێنی دیار بێت وهتد، کام لەمانە لەپێناو خوای گەورەیە؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی جەنگاوەر لە پێناو خوای گەورە ئەوەیە: کە دەجەنگێت بۆئەوەی وشەی الله بەرز بێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/2969

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee